# گونجاوترین فلاش میمۆری لە بواری ئەمنییەوە







هەروەك دەزانن لەمرۆدا فلاش میمۆری باشترین ئامێری گواستنەوە و هەڵگرتنی داتاكانە، چونكە هەم كێشی سووكە و هەم بۆ هەڵگرتن و راگواستن گونجاوە، بەڵام بەهۆی قەبارەی بچووكی فلاش میمۆری رەنگە زۆر جاران ون ببێت، یان بە ئەنقەست بۆ دەستراگەیشتن بە زانیارییەكانی ناوەوەی بدزرێت. ئەم فلاش میمۆرییەی كە وێنەكەی لێرەدا دەبینن باشترین فلاش میمۆرییە لە باری ئەمنییەوە، چونكە بە ئاسانی دەتوانی زانیارییەكانی ناوەوەی بەهۆی ئەو دوگمانەی لەسەر فلاش میمۆرییەكە هەیە قفڵ بكەی و پاسۆردی لەسەر دابنێی.

هەیكەلەی فلاش میمۆرییەكە لە مادەی ئەلۆمینیۆم پێكهاتووە و دژی ئاو و دژی زەربەیە، دەتوانی بەهۆی دانانی پاسۆردێكی ٧ هەتا ١٥ كاراكتەری بەرگری بكەی لە دەستراگەیشتن بە زانیاری و داتاكانی ناوەوەی، دەتوانی زانیاری ناو فلاش میمۆرییەكە بە چەند بەشێك دابەش بكەی و بۆ هەر بەشێكیش پاسۆردی نوێ دابنێی، بۆ نموونە بۆ بەشی وێنەكانت پاسۆرد دابنێی، هەروەها بۆ فایلە ڤیدیۆییەكانت پاسۆردێكی دیكە دابنێی، فلاش میمۆرییەكە هەتا ١٦ گیگابایت داتا لە خۆیدا خەزن دەكات.

# كامێراڤانی دیجیتالی بۆ مۆبایلەكان






رەنگە زۆر جاران بۆتان هاتبێتە پێش كە ویستووتانە لە خۆتان فیلم هەڵبگرنەوە، بەتایبەتی لەو كاتانەی كە نیازت هەیە لە كار و ئەركەكەی خۆت كە لەحاڵەتی جوڵان و گەشتدای فیلم هەڵبگریەوە، بۆ كاتێكی وا دەبێ یارمەتی لە كەسێك وەربگری كە وێنەكەت یان فیلمەكەت هەڵبگرێتەوە.

ئامێری Swivl ئامێرێكی هۆشمەندە كە هەر ئەوەندە بەسە كە مۆبایلەكەتان یان كامێراكەتان لەسەر دابنێی و دوگمەی فیلم هەڵگرتنەوە دابگری. ئێستا بۆ هەر شوێنێك بجوڵێی یان بۆ هەر گۆشەیەك بسوڕێی، ئەو ئامێرە بەدوات دا دەسوڕێ وەك كامێراڤانێكی چالاك ئەركی فیلم هەڵگرتن ئەنجام دەدات.




# Sharp تەلەڤزیۆنێكی وایەرلەیس بەرهەم دێنێ

كاتێك باس لە تەلەڤزیۆن دەكرێت، هەمیشە بیرمان لەوە كردۆتەوە كە دەبێ تەلەڤزیۆن وەك ئامێرێكی دایمی لە سوچێكی ژوورەوە دابندرێت و بۆ هیچ شوێنێك نەبردرێت، چونكە جگە



# مۆبایلێک هەتا 15 ساڵ شەحنەکەی دانابەزێت



کۆمپانیـــای Xpal power نوێترین مۆبایلی خۆی هێنایە بەرهەم کە ڕەنگە لاتان ســەیر بێت کە کۆمپانیاکەی دەڵێت هەتا ١٥ ساڵ شەحنی باترییەکەی دانابەزێــت، مۆبایلەکـــە نـــاوی Spare one. ســـەیر لەوەدایە مۆبایلەکە تەنیا باترییەکی قەڵەمی دەخوات. بەڵام مۆبایلەکە کارکردەکەی وەك مۆبایلێکی ئاسایی نییە، چونکە تەنیا وەك مۆبایلێك بۆ گرتنی ژمارە پێویستییەکان، وەك تەواری، ئاگرکوژێنەوە، پۆلیســـ فریاکەوتن و ...تاد. ســـوودی لێوەردەگیرێت.

# کیبۆردێکی تایبەت بە ئایفۆن



لە دوایین ڕاپرسی جیهانی ئایتی سەبارەت بە تەکنەلۆژیای نوێی دیجیتالی، هێشتاش مۆبایلی ئایفۆن لـــە ڕیزی یەکەمی مۆبایلەکاندایە، ئایفۆن هەر بـــە تەنیا مۆبایل نییە، کامێرای هۆشـــمەندە، کۆمپیوتەرە، زۆربەی ئەرکەکانی جیهانی دیجیتال بە موبایلی ئایفۆن ئەنجـــام دەدرێن، هەربۆیە کۆمپانیاکانی دیکەش هەوڵ دەدەن ئامێری تایبەت بە ئایفۆن دروســـت بکەن، کۆمپانیایەك نوێترین کیبۆردی تایبەت بە ئایفۆنی بەناوی WOW-keys هێنایە بەرهەم کە مۆبایلی ئایفۆنی لەسەر دادەنرێ و ئایفۆن دەبێتە کۆمپیوتەرێکی تەواو. دیارە کیبۆردەکە بۆ کۆمپیوتەریش دەشێت.

لە گرفتـــی کێش و قەوارە، تەلەڤزیۆن پێویستی بـــە وایـــەری کارەبایـــی هەیە. کۆمپانیای شارپ کە ناوێکی ناسراوە لە بواری بەرهەمهێنانی تیڤیدا، نوێترین تەلەڤزیۆنی بێ وایەری بەرهەم هێنا کە وەك زۆر ئامێری تر شەحن دەکرێتەوە. قەوارەی تەلەڤزیۆنەکە ٣٠ ئینجە. کێشـــی تەلەڤزیۆنەکە ٢,٥ کیلۆیە، بەقەد لاپتۆپێك.




# Razer و تەبلێتێکی نوێی تایبەت بەیاری کۆمپیوتەری

کۆمپانیـــای Razer نوێترین تەبلێتی خۆی بەناوی Fiona خســـتەبازاڕەوە، تەبلێتی فیونا ویندۆزی٨ی لەسەرە و خاوەنی یەکەی لێکدەرەوەی نەوەی سێیەمی i٧ە و دەسکی گەمەی تایبەت بەکۆنترۆڵکردنی گەمە لەتەنیشتەکانی تەبلێتەکەن کە هەم دیزاینی تەبلێتەکەی سەرنجڕاکێش کردووەو هەم ئەرکی کۆنترۆڵکردنەکەی ئاسانتر دەکات.

بەهۆی ئەوەی کە تەبلێتەکە ویندۆزی٨ی لەسەرە، گشت ئەو یارییانەی کە لەسەر کۆمپیوتەر ئەنجام دەدرێن، لەسەر ئەم تەبلێتەش ئەنجام دەدرێن.




# سایتێک، ناوەڕۆکی سایتەکان دەکاتە کتێب




گـــەر حـــەز دەکـــەی ناوەڕۆکی ســـایتەکان، واتە ئەو ســـایتانەی کە حەزیان لێدەکەی و لەگەڵ ویستی تۆ دەگونجن، سایتی سیاسی یا هونەری یا کۆمەڵایەتـــی... دەتوانیت لینکی ســـایتەکە لە ســـایتی zinepal بنووسی تا سایتی ناوبراو لە ماوەیەکی کەمدا ناوەرۆکی سایتەکە بکاتە فایلی PDF و یان وەك کتێبێکی لێبکات.

سایتی zinepal بۆ ئەوانەی کە ئەرکی توێژینـــەوە لە بوارێکدا دەکەن یان خەریکی نووسینی کۆتاییناMەی زانکۆن، دەتوانن لینکی سایتەکانیان لەو ســـایتەدا بنووسن تاکو ناوەرۆکی ســـایتەکان ببنە بە فایلی PDF و دواتر گەر هێڵـــی ئەنتەرنێتیش نەما سوودی لێوەربگرن.

# پادفۆن هەم مۆبایل و هەم تەبلێت

لە جیهانی دیجیتالیدا بازاڕی تەبلێت کە کۆمپیوتەرێکە تەنیا لە شاشەیەك پێکهاتووە گەرمە، ئەوانەی شارەزای ئەو بوارەن دەزانن ئایپادی کۆمپانیای ئەپل لە ریزی یەکەمی تەبلێتەکان دێت. لەم ماوەیەدا کۆمپانیای ئاسۆس ئامێرێکی بەرهەم هێنا کە هەم مۆبایلە و هەم ئایپاد، کە ناوی لێناوە «پادفۆن» وەك وشەی «خورمیشی»لای خۆمان!

زۆر کـــەس بۆ گەڕان لە جیهانی ئەنتەرنێتدا، یاری کردن، ســـەیرکردنی فیلم و وێنە لە تەبلێت ســـوود وەردەگرن تا لاپتۆپ. کۆمپانیای ئاسۆس ئامێری padfone هەر بەم مەبەســـتە بەرهەمهێنا، کە بەکارهێنەر پێویســـت نەکات هەردووکی ئەو ئامێرە بەجیا هەڵبگرێت. مۆبایلەکە هەر بەهۆی تەبلێتەکە خۆی شەحن دەکاتەوە. مۆبایل و تەبلێتەکە بەهـــۆی پۆرتـــی HMDI یان USB پێکەوە پەیوەند دەدرێن.





## «سودوکۆ»ش بوو بە کاتژمێر

ئێستاکە زۆربەی ڕۆژنامەکانی لای ئێمەش جەدوەلی سودوکۆیان تێدایە کە جەدوەلەکە لە ٩خانەی ئاسۆیی و ٩ خانەی ستوونی پێکدێت و دەبێ بە ژمارەی ١ هەتا ٩ پڕ بکرێنەوە و بەبێ ئەوەی کە ژمارەکان لە خانەکاندا دووبارە ببنەوە.. لە جیهاندا لایەنگرێکی زۆری هەیە. لەم دواییەدا کۆمپانیایەك کە بەرهەمهێنەری کاتژمێری سەیروسەرنجراکێشە کاتژمێرێکی سودوکۆی بەرهەمهێناوە و لایەنگرێکی زۆریشی هەیە. کاتژمێری

Tokyoflash Sudoku Watch ٢ لە شاشەیەك پێکهاتووە کە جەدوەلی سودوکۆی تێدایە لەو جەدوەلەدا ٦ خانەیان هیچی تێدا نییە، دوو خانەیان بۆ نیشاندانی کاتژمێرە، دوو خانەش بۆ نیشاندانی خولەك و دوو خانەی تریش بۆ نیشاندانی چرکەیە، خانەکان بە جۆرێك پڕ دەبنەوە کە یاسای یارییەکە تێك نادەن.






خوێنەرێکی بەڕێز کە لە یەکێك لە وەزارەتەکاندا فەرمانبەرە دەپرسێت، لەو شوێنەی کاری لێدەکەم چەندین کۆمپیوتەری لێیە، من بەرپرسی ژوورەکەم، بەڵام زۆر لە هاوڕیان لەبیریان دەچێت کاتێك دەچنەوە کۆمپیوتەرەکەیان بکوژێننەوە. ئایا چ پرۆگرامێك هەیە کە لە کاتێکی دیاریکراودا کۆمپیوتەرەکە بکوژێنێتەوە یان لەکاتێکی دیاریکراودا هەڵیبکاتەوە؟

خوێنەری بەڕێز گەلێك پرۆگرام هەن کە ئەرکی کوژاندنەوەی و هەڵکردنەوەی کۆمپیوتەر لە کاتێکی دیاریکراودا ئەنجام دەدەن، یەکێك لەم پرۆگرامانە پرۆگرامی Auto PowerOn and Shut-Down ە کە بەهۆیەوە دەتوانی کاتێکی دیاریکراو بە پرۆگرامەکە بسپێری بۆ نموونە لە کاتژمێری دووی پاشنیوەڕۆ کۆمپیوتەر بکوژێنێتەوە و لە کاتژمێر 8ی بەیانیش هەڵیبکاتەوە. ئیدی پرۆگرامەکە ئۆتۆماتیکی کاتژمێر دوو کۆمپیوتەر دەکوژێنێتەوە، دەتوانێت یان بیباتە حاڵەتی standby واتە ئەو حاڵەتەی کە کۆمپیوتەر دەکوژێتەوە، بەڵام پرۆگرامەکان هیچیان داناخرێن، واتە ئەو پرۆگرامانەی کە بەر لە کوژانەوەی کرابوونەوە. پرۆگرامەکە بە خۆڕاییە و دەتوانی لە ئینتەرنێتدا دایبەزێنی و قەبارەشی زۆر کەمە.